**هۆکارەکانی بەدەوڵەتنەبوونی کورد**

**بەشی دووەم!**

**نووسینی: سیروان کاوسی**

........................

**لە پێشەکیی ئەم بەشەدا بە پێویستیدەزانم سوپاس و پێزانینم ئاراستەی ئەو بەڕێزانە بکەم پشتگیری و رەخنەوپێشنیازی خۆیان بۆ بەشی یەکەمی ئەم بابەتە مێژووییە نارد. هیوامایە بەردەوام بن لەناردنی رەخنە و پێشنیازەکانتان!**

............................

رووخاندنی ئیمپراتۆریی ساسانی، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر جێنشینەکانی پەیامبەری ئیسلام و سوپای ئیسلام دانا، متمانە و باوەڕ بەخۆبوونی لەنێویاندا پەرەپێدا. دڵنیابوون پاش شکانی ئیمپراتۆریی ساسانی، بەهاسانی دەتوانن ناوچە و وڵاتانی دی داگیربکەن. لەبەر ئەوە سڵیان لەو بەرخۆدانە پەرتوبڵاوانە نەدەکرد کە لەکوردستان و ئێران بەرەورووویان دەبووەوە. بەکورتی، هۆکارەکانی شکستی ئیمپراتۆریی ساسانی دەتوانین لەم چەند خاڵەدا بەرجەستەبکەین: 1- دەستنیشانکردنی شاری تیسەفۆن بۆ پێتەختی ساسانی کەلەخوارووی کوردستان و لەسەرسنووری نێوان حکوومەتی ساسانی و هۆزەکانی عەرەبدا هەڵکەوتبوو، گەورەترین هەڵەی شا و فەرماندەکانی سوپای ساسانی بوو، هیچکاتێک باوەڕیان نەدەکرد، خێڵەکانی بیابانشینی عەرەب ببنە جێی مەترسیی بۆسەر پێتەختی ساسانی. ئەوە بوو لەگەڵ داگیرکردنی پێتەخت و هەڵاتنی شای ساسانی، شیرازەی حکوومەت و سوپا تێکچوو. 2- هێرشی ترکان بۆ رۆژهەڵاتی حکوومەتی ساسانی لەوکاتەدا سەرقاڵیی گەورەی بۆ ساسانی دروستکردبوو. 3- لەنێوبردن و کوشتنی شازادەکان و سەردارانی بەناوبانگی ساسانی لەلایەن شای ساسانی (خوسرەو پەروێزەوە) لەترسی ئەوەی کودەتای بەسەردا نەکەن. 4- راگەیاندنی سەربەخۆیی لەلایەن گوستاهم خاڵۆی خوسرەو پەرویز بەپشتیوانیی کوردانی خۆراسان و، جەنگێکی چەندین ساڵە لەدژی سوپاکەی. 5- کوشتنی "مەردانشا" حوکمڕانی ناوچەکانی خانەقین و ئیلام ومەندەلی لەلایەن خوسرەو پەرویزەوە بێزارییەکەی زۆری لەنێو کوردانی ناوچەکە لەدژی حکوومەتی ساسانی بڵاوکردەوە. 6- کوشتنوبڕینی دەیانهەزار پێڕەوی ئاینی

سەیروسەمەریان لەدژی کورد بڵاوکردەوە. دواتریش کە دەسەلاتداریتیی ئیسلامیی لە عەرەبەوە گوێزرایەوە بۆ بنەماڵەی عوسمانی سوننە و سەفەویی شیعە، ئەمانیش وەک دەسەڵاتداران و مێژوونووس و وێژەڤانانی عەرەب، لەنێو گەلانی خۆیاندا شەپۆلێکی دژ بەکوردیان بڵاوکردەوە.

"**عەلی کوڕی حسێن مەسعوودی**" مێژوونووس و جۆگرافیزانی ناوداری عەرەب کە لەساڵی 896 بۆ957ی زایینیی ژیاوە، سەبارەت بە کورد لەکتێبەکەی بەناوی "**مروج الذهب و معادن الجوهر**" نووسیویەتی: "**پەیدابوونی رەچەڵەکی کورد لەئاکامی زیناکردنی شەیتان و کەنیزەکانی سلێمان پێغەمبەرەوە بووە!**".

شاعیرێکی دیکەی گەورەی عەرەب بەناوی "**ئەبوو العلاء المعري**" ساڵی 1058 -1057 لەکتێبەکەیدا بەناوی "**رسالة الغفران**" دەڵێ: ئەبوومۆسلم خۆراسانی و خوشکەزاکەی بەناوی "**بابەکی خوڕەمی**" **هەروەها فەرماندەی لێهاتوو "خدری کوڕی کاوس"** هەرسێ کورد و زەندیقی بوون". هێژای گۆتنە وشەی "زەندیق"ی لەزمانی عەرەبیدا بەرامبەر کەسێ یان کۆمەڵەخەڵکێک بەکاردەبرێت کە رەوشتنزم و تاوانکار و بێدین و پاشکەوتووبن.

**لێرەدا ناوی "ئەبوومۆسلم" هێنرا، بابزانین بۆچی ئەو شاعیرەی عەرەب، ئەبوومۆسلم بە"زەندیق" نێودەبا، لەکاتێکدا ئەبوومۆسلم یەکێ بوو لەسەردارانی گەورەی ئیسلام!؟**

"ئەبوومۆسلم" ناوی "**بێزادان**" کوڕی "**ونداد**" بووە، ساڵی 718ی زاین هاتووەتە دنیاوە. لەکوردەکانی خۆراسان و لەناودارانی مێژووی کورد و دنیای ئیسلام ئەژماردەکرێت. جەنگاوەرێکی ئازاو لێهاتووە بووە و، لەسەردەمی خۆیدا ناوبانگی بەهەموو ولاتانی ئیسلامیدا بڵاوبووەتەوە. بێزادان لەخۆراسانەوە پشتیوانی خۆی لەبنەماڵەی "**عەباسی**" رادەگەیەنێ و دەکەوێتە دژایەتیکردنی حکوومەتی "**ئۆمەوی**" یەوە. ساڵی 745ی زایینی، لە خۆراسانەوە سوپایەکی گەورە لەکورد وفارس دەخاتەڕێ، سوپای بەنی ئۆمەییە لەشام و میسر تێکدەشکێنێ، پاشان لەنەبەردێکی گەورە و چارەنووسساز کە لەناوچەی **خانەقین** روویدا، شکستی گەورەتر بەسەر سوپای ئۆمەویی دێنێ، پاشماوەی سوپای ئۆمەویی بەرەو بەغدا هەڵدێن. ساڵی 132ی کۆچی بەرامبەر بەساڵی 749ی زایینیی، ئەبوومۆسلم هێرشدەکاتە سەربەغدا و لەگەڵ لەشکری حکوومەتی ئۆمەویی بەرەوڕووی جەنگێکی گەورە و گراندەبێ، دوای کوشتنی دەیانهەزار سەربازی عەرەب، سوپاکەی ئۆمەویی تێکدەشکێنی و "مەروان" دواخەلیفەی بنەماڵەی "ئۆمەویی" دەکوژێ و، ئیمپراتۆری ئیسلامیی دەداتەدەستی "**ئەبولعەباس عەبدوڵڵا سەففاح**" سەرۆکی عەشیرەتی "**عەباسی**".

قەبووڵی ناکا. ئەوجا خەڵیفە مەنسوور پیلانی کوشتنی دادەڕێژێ، بەنێوی دیدار و مێواندارییکردنی بانگێشتی دەکات بۆ کۆشکی خۆی، سەربازەکانی ئاگاداردەکا، کاتێک سێ جار چەپڵەم لێدا، هێرش بکەنەسەری و بیکوژن. ئەبوومۆسلم بەپیلانەکە نازانێ، بانگهێشتنەکەی خەڵیفە مەنسوور قەبووڵدەکا. کاتێک لەگەڵ پاسەوانەکانی دەگەنە دەروازەی کۆشک، ئاگاداریاندەکەن چ کەسێک بەچەکەوە نابێ بچێتە نێوکۆشکەوە وچەکەکانیان لێدەستێنن. ئەوجا خەڵیفە مەنسوور لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەبوومۆسلم، دەڵێ: **"ڕاستە تۆ خزمەتی گەورەت بە بنەماڵەی ئێمە کرد، بەڵام تۆ تاوانێکی زۆرت ئەنجامدا، بەبیانووی پشتیوانی لەئێمە، عەرەبێکی زۆرت کوشتن، تۆ بەرامبەر نەتەوەی عەرەب تاوانت کردووە. باشدەزانم چیت لەمێشکدایە، دەتەوێ خیانەت لە من وبنەماڵەکەم بکەی!".** ئەبوومۆسلم بەتوندی دژی قسەکانی دەوەستێ. ئەوجا خەڵیفە مەنسوور سێ جار چەپڵەلێدەدا، سەربازەکان دەڕژێن بەسەریدا و دەیکوژن. ئەم ڕووداوە ساڵی 755ی زاینی ڕوویدا. ئەبوومۆسلم لەکاتی کوشتنیدا تەمەنی 37 ساڵ بوو. لەسەردەمی ئەبوومۆسلمدا یەکەمین هەلی گەورەی مێژوویی بۆ کورد هەڵکەوت کە دەستبگرێت بەسەر ئیمپراتۆریی ئیسلامیدا. ئەبوومۆسلم نەک هەر کورد بەڵکو هەموو گەلانی ئێرانی بەفارس و بەلووچ و ئەفغانی لەگەڵ بوو. شەڕوشۆڕی نیوخۆیی نێوان هۆزەگەورەکانی عەرەب لەسەردەسەلات و خەلیفایەتی، برستی لێبڕیبوون. سەدان هەزار عەرەب ببوونە قوربانیی جەنگی نێوخۆیی. گەر بهاتایە ئەبوومۆسلم بەناوی خەڵیفەی موسوڵمانانەوە قسەی بکردایە و پێتەختەکەی دوور لەسنووری عەرەب لەنێوجەرگەی کوردستان دابنایە، کورد دووسەتساڵ دوای دامەزرانی ئیمپراتۆریی ئیسلامیی، دەیتوانی گەلانی ناوچەکە بەعەرەبیشەوە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، سنوور و دەسەلاتی خۆی و سەروەریی خۆشی دەپاراست، وەک ئەوی دواتر ترکان و فارسان بەناوی ئاینەوە بەپشتیوانیی کورد، کردیان و پێیگەیشتن...

دوای کوشتنی ئەبوومسلم، شاعیرێکی عەرەب بەناوی "ئەبوو دلامە" کە لەساڵی 780ی زاینیدا مردووە، لەهۆنراوەیەکدا ئەبوومۆسلم خۆراسانی بەمرۆڤێکی خوێنڕێژ نێودەبا و دەڵێ:

***"ئەی ستەمکار و خوێنڕێژ کە بەنووکی شمشێرەکەت سەری شەشسەت هەزار لەرۆڵەکانی رەگەزی گەورەی عەرەبت پەڕاند. ئەی باوکی تاوان و بێڕەوشتیی، ئایە پاداشتی چاکە و خێر و مێهرەبانیی یەزدانی مەزن دەبێ بەم شێوە بدەیتەوە؟ ئەتۆ لەدەوڵەتی ئەبوو جەعفەر مەنسووردا هەوڵی غەدر و خیانەتت دا! بەڵام من لێتناگرم، چۆنکە پیشەی باوباپیرانی کوردت هەر تاوان و زۆرداریی بووە!".***

چەندهەزارساڵێک لەمەوبەر، بۆ پێش ئاینی مووسایی و عیسایی و بوودایی واتە بۆ سەردەمی "میترایزم" کە دەڵێ: "رۆژێک میترا دێتە سەرزەوین و هەرچی خراپەیە لەسەر زەوین لەنێویدەبا". ئەم رامانە لەمیترایزمەوە گویزرایەوە بۆ ئاینی زەردەشتی و دواتر ئاینی مەسیحی و ئەوجا ئاینزای شیعە کە دەڵێ: "ئیمامی زەمان رۆژێک رادەبێ و، جیهان لەخراپە دەسڕێتەوە". نیشانەیەکی دیکەی بۆچوونی پێڕەوانی بابەکی خۆرمدین لەسەر ئاینی زەردەشتیی ئەوەبوو، باوەڕیان بە "گەڕانی رەوان"، "رۆح"، "دۆنادۆن" (تناسخ بقاء) بوو، ئەوی کە پێڕەوانی ئاینی "یاری" و "ئێزدی" ئەمرۆکە باوەڕیان پێیەتی.

## **شۆرشی خۆرمدین بەسەرۆکایەتیی بابەک کوڕی مەرداس!**

شۆرشی بابەک (پاپەک) ی خۆرمدین، لەمێژووی ئیسلامدا بەگەورەترین بزووتنەوەی چەکداری لەدژی ئیمپراتۆریی ئیسلامیی تۆمارکراوە . ئەم بزووتنەوەیە لەساڵی 816 وە تاکو 836 بۆ ماوەی بیست ساڵ درێژەیکێشاوە.

هەر لەسەرەتای دامەزرانی رژێمی ناسیۆناڵی فارسی لەلایەن رەزاشای پەیلەویی کە دەکاتە نێزیکی سەدساڵێک بەرلە ئەمڕۆ، لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوەی رژێمی پاشایەتییەوە سیاسەتێکی واگیرایەبەر، مێژوویەکی پڕلەشانازیی بۆ گەلی فارس بنووسن، کە سەرچاوەکەی لەکۆرشی هەخامەنشییەوە دەستپێدەکا و، کۆتاییەکەشی دەگاتە رەزاشای پەهلەویی، دواتریش ئەم سیاسەتە لەزەمانی حەمەڕەزاشا زیاتر گرنگیی پێدرا و، زۆرێک لە خەبات وبزووتنەوەکانی ئازادیخوازیی گەلانی دیکە لەوانە کورد، هەربەناوی بزووتنەوەی ئێرانییەوە تۆمارکرا و، هەوڵدرا بنەچە و چاوکانییەکەی ببەستنەوە بۆ رەگەزی فارسەوە. یەکێ لەو بزووتنەوە گەورانەی پتر لە هەزارساڵێک لەمەوبەر لەدژی دەسەلاتدارێتیی ئیسلامیی لەرۆژهەڵاتی کوردستان هەڵگیرسا، فارس خۆی لێکرد بەخاوەن و نێوی "خرمدینان" (خورەمدینان)، لەسەر بزووتنەوەکە داناوە. گەلانی ئێرانی هەروەها گەلی کوردیش هەر بەم نێوەوە ئەورۆکە دەیناسێ، کە ئەمە زۆر دوورە لەڕاستییەوە. بەباوەڕی من، پێش پاپەک و لەسەردەمی "جایدان" ی مامۆستایدا، کە دواتر دەچینەسەری، نێوی "خۆرمدین" یان لەسەر شۆرشەکەیان داناوە. خۆرمدین لەدوو وشەی "خۆر" و "دین" ەوە هاتووە، پێڕەوانی ئەم بزووتنەوەیە لەسەر ئاینی مەزدایزم و زەردەشت بوون، خۆر یان خۆرەتاویش هێما و

هەربەنیشانەی پیرۆزیی "خۆر"، چەکدارەکانی سوپای بابەک جلی سۆریان لەبەرکردووە. عەرەب کە وشەی "خۆر" ی نەزانیوە بە "خۆرەم" وەریانگرتووە. ئەگەرچی فارس بە "خۆر" دەڵێن "خورشید" یان آفتاب، بەڵام کە پرسیاریان لێبکەی: "وشەی خۆر چ مانایەکی هەیە؟" نایزانن. لەئەلفوبیی فارسیدا "ڕ" ڕێی قەڵەو نییە، بۆیە وشەی "خورەم" یان لەعەرەبییەوە وەرگرتووە. پاش تێپەڕبوونی سەدانساڵ ئێستاکە، کورد نەک هەر لەو مێژووە پڕسەروەرییەی خۆی بێئاگایە، بەڵکو فارسەکان بەناوی "جنبش بابک خرمدین" خۆیان لێکردووە بەخاوەن، چەند ساڵێکیشە ترکانی ئازەربایجان لەرۆژی کوژرانی بابەکدا دەچنە سەر قەلاکەی لە چیای "بەز" بەناوی پاڵەوان و ئازادیخوازێکی گەورەی رەگەزی ترک یادیدەکەنەوە. ئەمە لەکاتێکدا لەو چاخەی ئاگری بزووتنەوەی خۆرمدینان لەسەرووی رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵگیرساوە، چ نەتەوەیەکی دیکە جگە لە کورد لەو ناوچەیە نەژیاوە. ئێستاش دەیانهەزار "یارسان" لەئازەربایجان هەن، کە زمانەکەیان بووە بەترکی بەڵام دوای سەدانساڵ ئاینەکەیان پاراستووە و، لەبۆنەکانی یارسان لە داڵەهۆ و ڕێژاو و ناوچەی "کرند" ی سەر بە کرماشان، هەموو ساڵێک هەزاران یارسان لە ئازەربایجانەوە دەچن بۆ کوردستان بۆ بەشداریی لەڕیوڕەسمەئاینییەکەیان. سێ ساڵێک لەمەوبەر فیلمی بۆنەیەکی ئاینی یارسان کە لەکوردستانەوە ناردبوویان بۆم، ناردم بۆ تەلەفزیۆنی "زاگرۆس" کە لەشاری ستۆکهۆڵم بەرنامەکانی پەخش دەکات! ئەمە بەڵگەیەکی روونە بۆ ئەوەی بەتەواوەتیی دڵنیامان کا ئازەربایجانی ئێستا، بەشێک بووە لەخاکی کوردستان و، دانیشتوانەکەی پیرەوی ئاینی زەردەشتی بوونە.

هەڵبژاردنی ناوی "خۆرم دین" (هەتاوم دین) (دینم هەتاو) پێوەندیی بەرامانە ئاینییەکەوە هەبووە، هەتاوپەرستراوە. خۆشەویستی و حەزوخولیای ئێستای کوردیش بۆ ئاگرکردنەوە هەر بۆ ئەو مێژووە ئاینی و فەلسەفییەی کۆنی کورد دەگەرێتەوە. ئێستاش لەزۆرێک لەناوچەکانی ژاوەرۆ و ئەردەڵان وهەورامان، کاتێک سوێند دەخۆن، دەڵێن "بەو رۆجیارە قەسەم". رۆجیار مەبەست لە هەتاوە. بێگومان هەڵدانەوە و شەنوکەوکردنی مێژووی رابردوومان، پێویستی بەخۆماندووکردنێکی زۆر و پشوودرێژی و بوونی ناوەندێکی زانستی - مێژوویی هەیە، بۆ ئەوەی مێژووی سەدانساڵ نادیار ودزراوی کورد بدۆزرێتەوە و، کورد ببێتەوە بەخاوەنی ئەو مێژووەی کە سەدانساڵە نوقمی تۆزوخۆڵ و تەمومژ بووە.

بابەک کە لەسەرچاوە ئەرمەنییەکاندا ناوی بە "باب" هاتووە، کوڕی کابرایەکی رۆنفرۆشی گەڕۆک بەناوی "مەرداس" (ناوە ئیسلامییەکەی عەبدوڵلا) بووە. مەرداس لەخوارووی ناوچەی لۆڕستان و، لەشاری

مەیتەر و شارەزای دەستەمۆکردنی هەسپ. تاکو تەمەنی هەژدەساڵی بەچەندین پیشەی دیکەوە ژیان دەباتەسەر، ئەوجا دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەیان بۆلای دایکی.

لەناوچە شاخاوییەکانی نێزیک گوندەکەی بابەک و گوندی "بەز"، دوو سەرۆکخێڵی دەستڕۆیشووی خاوەنسامان بەناوی **"جاویدان"** و **"ئەبووعومران"** هەبوون، لەلایەک دژی یەک بوون، لەلایەکی دیشەوە، هێزی چەکداری خۆجێییان دامەزراندبوو، خەڵکیان هاندەدا بۆ دژایەتیکردنی حکوومەتی ئیسلامی و دەسەلاتی عەرەبەکان. لەرۆژێکی وەرزی زستاندا "جاویدان" لەگەڵ دەستەیەک چەکداری هاوڕێی، لەڕێگەی **"زەنگان" (ZENGAN) کە فارس کردوویانەتە (زنجان) "ZENCAN "** بۆ گوندی "بەز" (BEZ) لەنێو بەفر و کڕێوەدا بەشوێن ماڵ و پەناوپەسێوێکدا دەگەڕێن، دەگەنە ماڵی بابەک. لەبەر هەژاری و دەستکورتی، دایکی بابەک ناتوانێ چ خواردنێکیان بۆ دانێ، بەڵام تەندووریان بۆ هەڵدەکا و خۆیان لەبەریدا گەرمدەکەنەوە. بابەکیش سەرقاڵی خزمەتکردنی هەسپی جاویدان وهاوڕێکانی دەبێ. جاویدان بانگی بابەک دەکا و، دەینێرێ بۆ کڕینی خواردەمەنی و شەراو بۆخۆیان و ئالف بۆ هەسپەکان. بابەک دەڕوا و هاتنەوەی زۆرناخایەنێ و، شتەکانی داوایانکردبوو، دێنێتەوە مالەوە. "جاویدان"، بابەک دەدوێنێ، زیرەکی و قسەزانی و چوستوچالاکییەکەی سەرنجی رادەکێشێ. جاویدان بەدایکی دەلێ: **بابەک بسپێرە بە من بۆ پێراگەیشتن بە باخ و زەویوزارەکەم پێویستم پێیەتی.** دایکی بابەک دەڵێ قەبووڵی دەکەم بەمەرجێک هەموو مانگێک 50 درهەم لەبری کاری "حەسەن" (**بابەک**) بنێری بۆم. جاویدان قەبوڵیدەکا و حەسەن لەگەڵ خۆیدەبا. لەو رۆژەوە "بابەک" پێدەنێتە ریزی خۆرمدینانەوە....

"جاویدان" چەند رۆژێک بیروباوەڕی خۆیان و ئامانجی راپەڕینەکەیان بۆ بابەک دەگێڕێتەوە. بابەک بەگیانودڵ قسەورامانی جاویدان وەردەگرێ و، بەڵێندەدا ببێتە دڵسۆزی هەمیشەیی رێبازەکەیان. چەندمانگێک دوای مانەوەی بابەک لای جاویدان، لەشەویخوێنێکی لەنەکاوی داروودەستەی "ئەبووعومران"، جاویدان بەسەختی بریندار‌دەبێ، بەڵام بابەک وهاوڕێکانی دەتوانن هێرشەکە تێکبشکێنن و، لەناوچەی خۆیان دووریانخەنەوە. جاویدان بەهۆی سەختی برینەکەیەوە دەمرێ، بەڵام پێش مردنی لای ژنەکەی "وەسیەت" دەکا کە دوای خۆی "بابەک" ببێتە سەرۆکی پێڕەوانی خۆرمدین. ژنەکەی جاویدان وەسیەتەکە بە بابەک رادەگەیەنێ و، دەڵێ: **"سبەی هەموو خێڵ و چەکدارەکان لەوەسیەتی جاویدان ئاگادار‌دەکەم کە پێش مردنی وەسیەتی کرد حەسەن ببێتە جێنشینم!** گەورەو بچووکی خێڵ بەبانگەوازی ژنەکەی جاویدانی کۆچکردوو

چەکدارەکان سوێندیانخوارد، چۆن لەجاویدان پشتیوانییاندەکرد، ئاوەهاش لەفەرمانەکانی حەسەن پشتیوانیدەکەن. چەند رۆژێک دواتر بێوەژنەکەی جاویدان لەبۆنەیەکی زۆر ئاساییدا بەبەشداریی تێکڕای ردێنسپی و گەورەکانی عەشیرەت و جەماوەر و هێزی چەکداری خۆرمدینان، بوو بە هاوسەری "حەسەن". حەسەن لەو رۆژەدا رایگەیاند لەمەبەدوا نێوم **"بابەک"** ە. ئەوی لەبۆنەکەدا بوو، سەری رێزیان بۆ بابەک دانەواند و وەک سەرۆکی تازەی خۆیان قەبووڵیانکرد.

sirwan.kawsi@gmail.com

facebook; sirwan kavose